من بۆ نەفرەت کردن نەنێردراوم، بەڵکو وەکو ڕەحمەتێك نێردراوم

لە ئەبو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا نزا بکە لەسەر موشریکەکان، ئەویش فەرمووی: «من بۆ نەفرەت کردن نەنێردراوم، بەڵکو وەکو ڕەحمەتێك نێردراوم».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

داوا لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرا کە نزا بکات لەسەر موشریکەکان، ئەویش فەرمووی: من لەلایەن خوداوە نەنێردراوم بۆئەوەی نەفرەتکار بم، و داوا بکەم کە خەڵکی دوور بخرێتەوە لە ڕەحمەتی خودا و لە خێر بێبەش بکرێن، من بۆ ئەمە نەنێردراوم، بەڵکو نێردراوم بۆئەوەی ببمە هۆکاری خێر و ڕەحمەت بۆ خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی، و بۆ باوەڕدارانیش بەتایبەتی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66272